# دەخاڵەتی خەڵك لە دیاریكردنی دەسەڵاتدا چارەنوس سازە

## رێبوار ئەحمەد

رژێمی بەعس دەبێ بڕوات، ئەمە ئارەزوو خواستێكی قوڵو فراوانی جەماوەری خەڵكی عێراقە. بەڵام تەنها بە رووخانو رۆیشتنی رژێمی بەعس هەموو شتێك تەواو نابێتو ئاواتو ئامانجەكانی خەلك دابینو مسۆگەر نابن، تەنانەت بە تەنها ئەمە هیچ زەمانەتێكی ئەوەی تیا نیە كە بەدیلێكی هەروەكو رژێمی بەعسو یان لەویش كۆنەپەرستانەو چەپەڵتر جێگای نەگرێتەوە. زنجیرە ئالوگۆڕە یەك لە دوای یەكەكانی ٥٠ ساڵی رابردووی عێراق ئەم راستیەیان بە كردەوە نیشانداوە. بەردەوام ئالوگۆڕ لە دەسەڵاتی سیاسی عێراقدا روویداوە، بەڵام لە جەرگەی ئەم ئالوگۆڕانەدا زنجیرەیەك لە رژێمی كۆنەپەرست بە دوای یەكدا هاتونەتە سەركار كە بەردەوام جەماوەری خەڵكیان لە بێمافیو مەحرومیدا راگرتووە. لە ئێرانی پەنادەستدا رژێمی پاشایەتی رووخا بەڵام رژێمی جمهوری ئیسلامی جێگای گرتەوە كە لە هەموو روویەكی كۆنەپەرستیو بەربەریەتو ملهوڕیەوە گرەوی لە رژێمی پاشایەتی بردوەتەوە. بۆ ئەوەی ئەم سیناریۆیانە لە سبەینێی عێراقدا دووپات نەبنەوە، لە پێشدا دەبێ لای خەلك رۆشن بیت كە چیان دەویو چیان ناوێ؟ پاشان دەبێ جەماوەری خەلك دەورو دەخاڵەتی راستەوخۆو كاریگەری هەبێت لە دیاریكردنی نیزامی داهاتوودا.

خەڵكی عێراق بۆیە رژێمی بەعسیان ناوێو خوازیاری رووخاندنین چونكە رژێمێكی ناسیونالیستی قەومپەرستە، دژی ئازادیو سەركوتگەرە، دەستورو قانونەكانی پشتیان بە شەریعەتی ئیسلامیو دابونەریتە عەشایەریو دواكەوتوانەكان بەستووە، لەسەر بناغەی هەویەی قەومی مافی هاوڵاتیانی دیاریكردوە، رژێمێكی فاشیستەو سیاسەتی پاكسازی قەومی بەڕێوەبردوە، بەڕێخەری شەڕو ئیعدامو كوشتاری بە كۆمەڵ بووە....كەوایە ئامانجو ئاواتی خەلك تەنانەت لە سەرەتاییترین ئاستی خۆیدا، تەنها دەتوانێ لە سایەی نیزامێكدا فەراهەم بێت كە بە تەواوی لەو خەسڵەتانە بەدووربیت. بەڵام هەر ئێستا حیزبو لایەنو ئیتلافە بورژوازیەكانی پێكهاتوو لە حیزبە ناسیونالیستە كوردو عەرەبو ئیسلامیەكان دەست لە ناو دەستی جەنەراڵە كۆنە بەعسیە تاوانبارەكانو دەسكەلاكانی دەزگای مخابەراتی ئەمریكا، سەرقاڵی پیلانی ئەوەن بەدیلێك لە عێراقدا بهێننە سەركار كە لە خەسلەتە بنەڕەتیەكانیدا لێكچونێكی تەواوی هەیە لەگەڵ رژێمی بەعسدا. بۆ نمونە كۆنگرەی لەندەن كە پێكهاتبوو لە لایەنە سەرەكیەكانی نێو ئۆپۆزیسیونی بورژوازی، لە راگەیانی كۆتایی كۆنگرەكەیاندا بە رۆشنی رایانگەیاندوە كە هەوڵی ئەوان لە پێناو هێنانە سەركاری رژێمێكدایە كە هەروەكو رژێمی بەعس بناغەكەی لەسەر قەومپەستی دامەزراوەو زەویو ئاوو سامانو خودی هاوڵاتیانی عیراقیش بەسەر هەویەتە قەومیەكاندا دابەش دەكاتو بەوپێەش زەمینەی شەروكێشەیەكی نەبڕاوە دەخوڵقێنێ. كۆنگرەی لەندەنو لایەنەكانی هەروەكو ئێستای رژیمی بەعس ئیسلام بە وێنەی دینی رەسمی دەوڵەتو بناغەی دەستورو قانونەكان دادەسەپێنێو تێكەڵ بە پەروەردەو فێركردنی دەكات، بەم پێەش لە ئێستاوە فتوای سەركوت بۆ پەیڕەوانی دیانەتەكانی دیكەو كوشتاریش بۆ بێدینەكان، هەروەها پلەدوییو سوكایەتیو ئیغتصابو توندوتیژیو تیرۆریش بۆ ژنان رادەگەیەنێ. هەروەكو ئێستای رژێمی بەعس لە بە دیلی كۆنگرەی لەندەندا عەشایەریو تیرەگەریو دابو نەرێتە دواكەوتوانەو كۆنەپەرستانەكان ئاوی تەبەڕوكو پیرۆزییان بەسەردا كراوەو بڕیارە ببنە كۆڵەكەیەكی دەسەڵاتو نیزام. دەیانەوێ بە دور لە دەورو دەخاڵەتی خەلك، لە ژێر ناوی "دیموكراسیو فرەحزبیدا"، لە رێگای شەڕێكی خوێناویو كۆنەپەرستانەوە كە ئەمریكا هەڕەشەی بەكارهێنانی چەكی كۆكوژی تیادا دەكات، رژێمێكی ئیسلامی- قەومی-عەشایەری-تایفی كۆنەپەرست بهێننە سەركار كە بە شمشێری عەلیو فاشیزمی قەومیو كوتەكی عەشایەری سەرەتایی ترین ئازادیە سیاسیو مەدەنیەكان سەردەبڕێتو هەروەكو ئێستای رژێمی بەعس سەركوتو ئیستبداد بەسەر كۆمەڵگادا زاڵ دەكات.

ئەم جۆرە بەدیل و سیناریۆیانە دوورو نزیك پەیوەندیان بە خواست و ئامانجەکانی خەڵکی عێراقەوە نیە. ئەم خەڵکە خوازیاری ژیانێکی ئازادو شادو تێروتەسەل و خۆشگوزەرانن، خوازیاری ئەوەن کە رژێمی بەعس بڕوخێ و لە جێگایدا رژێمێك بێتە سەرکار کە هەل ومەرج و ژیانێکی بەم جۆرە بۆ کۆمەڵگا دابین بکات. بەڵام تەنها فاکتەرێك کە هەم دەتوانێ بەر بە سیناریۆو بەدیلە کۆنەپەرستانەکانی لە بابەت بەدیلی کۆنگرەی لەندن بگرێت و هەم دەتوانێ ئایندەیەکی شادو ئازادو دڵخواز بە نسیبی خەڵکی عێراق بکات، دەخاڵەتی راستەوخۆی خەڵکە لە دیاریکردنی نیزامێکدا کە دەبێ لە جێگای رژێمی بەعس بێتە سەرکار. ئەوە سەرەتاییترین مافی خەڵکە کە بە ئیرادەی خۆی نیزامی حوکم دیاری بکات، دەخاڵەتی خەڵك فاکتەری چارەنوس سازە. ئەگەر ئیرادەی خەڵك بەگەڕ نەکەوێت و نەبێتە فاکتەری یەکلاکردنەوەی بەدیلی داهاتوو بۆ دەسەڵاتی سیاسی لە عێراقدا، گومان لەوەدا نیە کە بەدیلێکی کۆنەپەرستانە بەسەر خەڵکدا دەسەپێنن. هەر لەسەر ئەم بناغەیەش یەکێك لە نەبەردەکانی کێشمەکێشی ئێستای نێوان هێزو بەدیلە سیاسیەکان، لەسەر ئەمەیە. ئەوانەی خۆیان مەڵاسداوە بۆ داسەپاندنی بەدیلێکی کۆنەپەرستانە، بە تەواوی توانای خۆیانەوە هەوڵدەدەن بۆ بەرگرتن لە هاتنەمەیدانی ئیرادەی خەڵك و لە ژێرناوی بەرگرتن لە ئاشووب و گێرەشێوێنی لە ئێستاوە نەخشەی سەرکوتی هەموو جموجۆڵێکی خەڵکیان راگەیاندوە. ئەو قوتبەش کە خوازیاری هاتنەسەرکاری بەدیلێکی ئازادیخوازو ئینسانی و مودێڕن و سکولارە، بە هەموو توانا لە هەوڵی هێنانەمەیدان و بەگەڕخستنی ئیرادەی خەڵکدایە. حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری نوێنەرایەتی ئەمەی دووەمیان دەکات و کۆنگرەی لەندەن و سەرجەم لایەنە بورژوازیەکان و دەسکەلاکانی مخابەراتی ئەمریکاش، نوێنەرایەتی ئەوەی یەکەمیان دەکەن.

بەڵام سەرئەنجام ئەوەی زامنی دەخاڵەتی راستەوخۆی خەڵك دەکات لە دیاریکردنی نیزامی ئایندەی عێراقدا، ئەو هەل ومەرجە سیاسیەیە کە ئازادیە سیاسی و مەدەنیەکانی خەلك تیایدا مسۆگەرو پارێزراوە. ئەو ئازادیانە بواردەکەنەوە بۆ ئەوەی خەلك لە هەل ومەرجێکی ئارام و گونجاودا بە چاوی کراوەو هوشیاری و بەپێی بەرژەوەندیەکانی خۆیان بڕیار لەسەر بەدیلی ئایندە بدەن، هەروەها رێگا دەگرێ لە فریودان و چاوبەست کردن و سەرکوتی خەلك. حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری کە جمهوری سۆسیالیستی وەکو تەنها بەدیلێك رادەگەینێ کە دەتوانێ سەرجەم ئاوات و ئارەزووە ئینسانی و بەرزەکانی خەڵکی عێراق مسۆگەر بکات و کۆتایی بە سەرجەم نەهامەتی و زوڵم و زۆرداریەکانی ئێستا بهێنێ. لە هەمان کاتدا هاتنە سەرکاری جمهوری سۆسیالیستی دەخاتە گرەوی هاتنەمەدان و دەخاڵەتی هوشیارانەی خەلکەوە، رێگای بەرپاکردنی جمهوری سۆسیالیستی نە پیلانگێڕان و نە خۆگرێدانەوەیە بە هیچ پیلانێك، بەڵکو سازدان و جۆشدانی خەباتی جەماوەری کرێکاران و خەڵکی ئازادیخوازە.

لەم پێناوەدا پلنیۆمی ١٢ی کۆمیتەی ناوەندی لە راگەیاندنێکدا هاوکات لەگەڵ پەردەهەڵماڵین لەسەر مایەتی کۆنەپەرستانەو دژی ئازادیی بەدیلی کۆنگرەی لەندەن، گرنگترین ئازادیە سیاسی و مەدەنیەکانی خەلکی راگەیاندوەو بانگەوازی جەماوەری ئازادیخواز دەکات بۆ کۆبونەوەو هاتنەمەیدان لە دەوریان، بۆ پابەندکردنی هەموو حیزب و لایەنە سیاسیەکان بەو ئازادیانە. ئەمانە هەم دەبێ ببن بە خواستی خەباتی جەماوەری و بە خەتی گەورە لەسەر ئاڵای ئەم خەباتە بنوسرێن، هەم دەبێ ببن بە پێوانەی دوورو نزیکی هەر حیزب و لایەنێك لە خەلك و بەرژەوەندیەکانیانەوە. ئەو لایەنەی کە پابەندی ئەو ئازادیانە نابێت هیچ نزیکایەتی و تەباییەکی لەگەل خەلك و بەرژەوەندیەکانی نیە، نابێ خەلك هیچ خۆشباوەریەکیان بەرامبەری هەبێت.